میدیاکانی سوید: سەلوان مەمیکە ئەو گەنجە عەراقیەی چەند جارێک قورئانی سوتاندوە کوژرا

میدیاکانی سوید بڕیاویانکردەوە، سەلوان مەمیکە ئەو گەنجە عەراقیەی چەند جارێک قورئانی سوتاندوە، لە شوقەکەی خۆی لە سوید تەقەی لێکراوە و گیانی لەدەستداوە، بەڵام تا ئێستا هیچ پشتڕاستکردنەوەیەکی فەرمی لەو بارەیەوە نییە.

ڕاپۆرتە ناوخۆییەکانی سوید بانگەشەی ئەوە دەکەن کە شەوی ڕابردو سەلوام مەمیکا لە ناوچەی هەڤسجە لە سوید تەقەی لێکراوە، کە ناوبراو لەماوەی ڕابردودا چەند جارێك تەقەی لێکراوە و کوژراوە.
بەپێی هەواڵی میدیا ناوخۆییەکان، لێکاتی ڕاستوخۆیەکدا، لەناو شوقەکەی خۆی لە شاری سەدەرتالجی تەقەی لێکراوە و گیانی لەدەستداوە، بەڵام تا ئێستا هیچ پشتڕاستکردنەوەیەکی فەرمی لەلایەن پۆلیسەوە نەدەزراوەتەوە.

بەپێی میدیا ناوخۆییەکان، پۆلیس دوای وەرگرتنی زانیاریی تەقەکردن لە نزیکەی کاتژمێر 11:00ی شەوی چوارشەممە گەیشتوەتە شوێنی ڕووداوەکە و بەدوای هەرشبەرەکەدا دەگەڕێت.

هەکاری هەرشی گوماناوی بە سەر مەمیکا هەشتا نەزانراوە، بەڵام لە سوید لە ژێر هەڕەشەی کوشتنی هادیکاڵە ئیسلامییەکاندا بوە، بەهۆی سوتاندنی کتێبی پیرۆزی مسوڵمانان لەبەردەم چاوی گشتی و لەژێر ئامادەبونی پۆلیسدا.